

# کارمەندێکی بیانی لە فینلاندە

Kurdi

Tyosuojelu.fi
Website of the Occupational Safety and Health Administration in Finland

## ناوەڕۆکەکان


مافی کارمەندێکی بیانی بۆ کارکردن و هەڵگرتنی زانیاری

ڕاپۆرتکردن دەربارەی مەرج و ڕێسا سەرەکیەکانی کارکردن

کاتی کارکردن و تۆمارکردنی کاتژمێرەکانی کارکردن

کاتەکانی پشوو

کەمترین کرێ و دانی باجەکان

ئۆڤەرتایم

زیاد و قەرەبو کردنەوەی کرێی زیادە

پشووەکانی ساڵانە

پارەدان و قەرەبو کردنەوەی پشوو

چاودێری تەندروستی پیشەیی و دەستەبەری ڕووداو

ناسنامەی وێنە و ژمارەی باج

# مافی کارمەندێکی بیانی بۆ کارکردن و هەڵگرتنی زانیاری

## هاوڵاتییانی یەکێتی ئەوروپا*

ئەگەر هاوڵاتیەکی یەکێتی ئەوروپایت، دەشێت لە فینلاندە کار بکەیت بێ مۆڵەتی تایبەت. هەرچۆنێک بێت، تەنانەت هاوڵاتیانی یەکێتی ئەوروپاش پێویستە نیشتەجێ بوونیان تۆمار بکەن، ئەگەر مانەوەیان لە فینلاندە زیاتر لە سێ مانگ بخایەنێت.

## تۆمارکردنی مافی نیشتەجێ بوونی هاوڵاتی یەکێتی ئەوروپا

دەتوانیت نیشتەجێ بوونت لە بنکەیەکی پۆلیسی ناوخۆیی تۆمار بکەیت. بەدەرکردنێک بۆ ئەم هاوڵاتیانەی وڵاتانی ئەسکەندەنافی کە لە نووسینگەی تۆمارکردن تۆمارکراون لە سەر بنەمای فۆرمی کۆچی ناوخۆیی ناوچەی ئەسکەندەنافیا.

## هاوڵاتیانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا

جگە لە چەند حاڵەتێکی کەمی جیا، ئەگەر تۆ هاوڵاتیەکی فینلاندی یان یەکێتی ئەوروپا نیت، پێویستیت بە مۆڵەتێکی نیشتەجێ بوونە بۆ بەخشینی مافی کارکردن. مافی کارکردن لە کارتی مۆڵەتی کارکردن (یان لە چەسپێکی پاسەپۆرتەکەت) ڕوونکراوەتەوە. کارتی Kela، هەرچۆنێک بێت، (E101 بڕوانامەی) A1 مۆڵەتی شوفێری، کارتی باج یان بڕوانامەی بەڵگەنامەی بەخشینی مافی کارکردن نین.

لەوانەیە مۆڵەتی کارکردنت خودکارانە مافی کارکردن لەخۆ بگرێت (بۆ نموونە مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی یان مۆڵەتێکی نیشتەجێ بوونی بنیاتنراو لەسەر هۆکاری خێزانی). ڕەنگە مۆڵەتی نیشتەجێ بوونت بە تایبەت درا بێتە خاوەنکارێک یان کەرتێکی تایبەت، ەلو حاڵەتەدا تۆ دەشیت بۆ خاوەنکاری ناوبراو یان کەرتی دیاریکراو کار بکەیت.

ئەگەر مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی قوتابیت هەیە، مافی کارکردنت سنووردارە بۆ کاتی کۆرسە ئەکادیمیەکان (25 کاتژمێر لە یەک هەفتە). مافی کارکردن سنووردار نیە کاتێک دامەزراوە پەروەردەییەکە هیچ سنووردارێک دیاری ناکات.

## داواکارانی پەنابەری

ئەگەر داواکاری پەنابەریت و بەلگەنامەیەکی ڕەسمی گەشتت هەیە، دەکریت لە فینلاندە کار بکەیت کاتێک سێ مانگ بەسەر ئەوە تێپەڕ دەبێت کە داواکاریت بۆ پەنابەری پێشکەشکردووە. ئەگەر بێ بەلگەنامەی فەرمی هاتوویتە ناو وڵات، مافی کارکردنت ئەو کاتە دەست پێدەکات کە شەش مانگ بەسەر پێشکەشکردنی داواکاریت بۆ پەنابەری تێپەڕ دەبێت.

مافت بۆ کارکردن بەردەوام دەبێت تا داواکاریت بۆ پەنابەری بە شێوەیەکی یاسایی چارەسەر دەبێت. ئەگەر داواکاریت بۆ پەنابەری ڕەت بکرێتەوە و تۆشە تانە لە بڕیارەکە بدەیت، مافت بۆ کارکردن بەردەوام دەبێت تا دادگا بڕیاری کۆتایی دەردەکات.

## ئەرکەکانی خاوەنکار

پێویستە خاوەنکار دڵنیای بەلگەنامەی فەرمی گەشت یان کارتی مۆڵەتی نیشتەجێ بوون بکاتەوە کە کارمەندی بیانی مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی کارمەندی هەیە، یان ئەوەی کە مۆڵەتێک پێویست نیە. سەرەڕای ئەوەش، پێویستە خاوەنکار زانیاری مافی کارمەندی بیانی بۆ کارکردن بۆ چوار ساڵ هەڵبگرێت بێ کۆتایی هێنانی کارەکە. لە بەر ئەم هۆکارە، پێویستە خاوەنکار داوای بینینی کۆپیەکی مۆڵەتی نیشتەجێ بوونت بکات.

*هەروەها بەسەر هاوڵاتیانی ئایسلەندە، لیختنشتاین، نەرویج و سویسرا جێبەجێ دەبێت.

# ڕاپۆرتکردن دەربارەی مەرج و ڕێسا سەرەکیەکانی کارکردن

## گرێبەستی کارکردن

گرێبەستی کارکردن دەکرێت بەشێوەی زارەکی یان نووسراو جێبەجێ بکرێت. لە بواری کرداریدا، بۆ دوورخستنەوەی هەڵە تێگەیشتن و دڵنیاکردنی مافە یاساییەکانی هەردووک لایەن، پێویستە گرێبەستێکی کارکردن بە شێوەی نووسراو ئەنجام بدرێت. ئەگەر بە شێوەی زارەکی کۆتاییت بە گرێبەستی کارکردنەکە هێناوە، پێویستە خاوەنکارەکە ڕوونکردنەوەیەکی نووسراوت پێبدات دەربارەی مەرجە سەرەکیەکانی کارکردن لە ماوەیەک کە درەنگتر نەبێت لە کۆتایی هاتنی ماوەی یەکەم مووچە.

ڕوونکردنەوە یان گرێبەستی نووسراوی کارکردن پێویستە ئەمانە لەخۆ بگرێت

- پێگە یان شوێنی کاری خاوەنکار و کارمەندەکە،
- بەرواری دەستپێکردنی کارەکە،
- ماوەی دیاریکراوی کار و بەهانەی کۆتایی هینان بە گرێبەستێکی ماوە دیاریکراو،
- (درێژی ماوەی تاقیکردنەوە (ئەگەر ماوەیەکی تاقیکردنەوە ڕێککەوتنی لەسەر کرا بێت،
- شوێنی ئەنجامدانی کارەکە دابنێ؛ ئەگەر شوێنیکی دیاریکراوی کارکردن نیە، ڕوونکردنەوەیەکی بنەماکانی کارکردنی کارمەند لە شوێنە جیاوازەکانی کار دیاری بکرێت،
- ئەرکە بنەڕەتیەکانی کارمەند،
- *ڕێکەوتننامەی گشتگیری کارای کارەکە،
- بنەماکانی دیاریکردنی مووچە و ماوەی مووچەدان،
- کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن،
- جۆری دیاریکردنی پشووی ساڵانە،
- ماوەی ئاگادارکردنەوە یان بنەماکانی دیاری کردنی.

*ڕێکەوتننامەی گشتگیر بریتیە لە ڕێکەوتننامەیەکی ئەنجام دراو لەلایەن ڕێکخراوەکانی بازاڕی کار بە پێناسەکردنی کەمترین مەرجەکانی کارکردن.

# کاتی کارکردن و تۆمارکردنی کاتژمێرەکانی کارکردن

## کاتژمێرەکانی کارکردنی ڕۆژانە و هەفتانە

کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردنی زۆرترینەکەی 8 کاتژمێرە لە ڕۆژێکدا و 40 کاتژمێرە لە هەفتەیەکدا. لە هەندێک بواردا (لە کاری چێشتخانە، گواستنەوە، ماڵەکانی چاودێری، هتد)، ڕەنگە کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن بە گوێرەی ئەوەی پێی دەوترێت بنەمای کارەکە ڕێک بخرێت. لەم حاڵەتەدا، کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن بەگوێرەی مادەەی کاتژمێری کارکردن یان 80 کاتژمێرن لە ماوەی دوو هەفتەدا یان 120 کاتژمێرە لە ماوەی 3 هەفتەدا. لە پیشەکانی چێشتخانە، کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن ئەوپەڕی 111 کاتژمێرە لە سێ هەفتەدا.

سەیری دەقە تێروتەسەڵەکانی تایبەت بە کاتژمێری کارکردن بکە لە ڕێکەوتننامەی گشتگیری جۆرە پیشەکە.

## تۆماری کاتژمێرەکانی کارکردن و پارەدان

پێویستە خاوەنکار تۆمارێکی ئەو کاتژمێرانە هەڵبگرێت کە کارمەند تیایدا کاری کردووە و لەگەڵ ئەو بڕە مووچەیەی پێیان دراوە. تۆ مافی ئەوەت هەیە کە کۆپیەکی تۆماری کاتژمێرەکانی کارکردن لە خاوەنکارەکەت وەربگریت.

هەروەها پێویستە تۆماری ئەو کاتژمێرانە هەڵبگریت کە تیایدا کارت کردووە. ئەوەت لە یاد بێت دەسپێک و کۆتایی هاتنی شیفتەکان تۆمار بکەیت.

# کاتەکانی پشوو

## پشووی ڕۆژانە

لەو کاتەی ڕۆژەکانی کارکردن لە شەش کاتژمێر زیاترە، تۆ شایستەی پشووێکی کە بە لایەنی کەم سی خولەک بێت، کە بێ مووچەیە، ئەگەر سەربەخۆ بیت لە جێهێشتنی شوێنی کار لەم کاتەدا.

پشووی ڕۆژانەی قاوەخواردنەوە ڕێکەوتنی لەسەر کراوە لە ڕێکەوتنامەی گشتگیر، کە تیایدا خراونەتە نێو کاتژمێرە پارە بۆ دراوەکانی کارکردن.

## ماوەی پشووی ڕۆژانە

لە زۆرینەی حاڵەتەکان، پێویستە ماوەی پشووی ڕۆژانە هەبێت بۆ 11 کاتژمێری نەپچڕاو لە نێوان کۆتایی یەک شیفتی کار و سەرەتای کاری داهاتوو. لە حاڵەتە تایبەتەکاندا، لەوانەیە ماوەی پشوو کەمتر بێت.

## ماوەی پشووی هەفتانە

بەگوێرەی ڕێسا بنەڕەتیەکە، پێویستە بە لایەنی کەم پشووێکی 35 کاتژمێری نەپچڕاوی هەفتانەت هەبێت. ئەگەر بشێت، پێویستە لەگەڵ یەك شەمە دابنرێت.

# کەمترین مووچە و دانی باجەکان

## کەمترین مووچە

لە فینلاندە، تۆ گشت کاتێك شایستەی ئەوەیت مووچەت بۆ ئەو کارە پێبدرێت کە کردووتە. هیچ کەمترین مووچەیەکی گشتی لە فینلاندە نیە، بەڵام مووچەکان بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی گشتگیری پیشەکە پێناسەکراون. ئەگەر هیچ ڕێکەوتننامەیەکی گشتگیر لە کەرتەکە نەبێت، پێویستە مووچەیەکی شیاو و گونجاوت بۆ کارەکەت پێبدرێت.

ئەو مووچانەی لە ڕێکەوتننامەی گشتگیر پێناسەکراون هەمەجۆرن بەگوێرەی ئەرکەکانی کارمەند و پێویستیەکانی کارامەیی پیشەیی. بۆ نموونە، لە ساڵی 2015

- کەمترین مووچە بۆ پاککەرەوەیەک 9.83 یۆڕۆیە بۆ یەک کاتژمێر
- لە پیشەی چێشتخانە، مووچەی دەسپێک بۆ چێشتلێنەر 10.04 یورۆیە بۆ یەک کاتژمێر
- کەمترین مووچە بۆ کارمەندێکی تازە لە پیشەسازی دروستکردندا 9.83 یۆڕۆیە بۆ یەک کاتژمێر
- لە پیشەسازی باخەوانی و کێڵگەدا، کرێی کاتژمێرێک بە لایەنی کەم 8.44 یورۆیە.

دەتوانیت سەیری مووچە شایستەکان لە ڕێکەوتننامەی گشتگیری هەر پیشەیەک بکەیت لەFinlex لەم سایتە www.finlex.fi

## مووچەی نەخۆشی

تۆ شایستەی مووچەی نەخۆشی دەبیت لەو ڕۆژەی نەخۆش دەکەویت و نۆ ڕۆژی دواتری کە نەخۆشیت. داواکاریەکانی پیشەسازی تایبەت بە دیاری کردنی مووچەی نەخۆشی دەکرێت لە ڕێکەوتننامەی گشتگیر بدۆزرێتەوە.

## هەژمارکردنی مووچە

لە پێدانی مووچە، پێویستە خاوەنکار هەژمارکردنێکت پێبدات کە بڕی مووچە و بنەماکانی دەسنیشانکردنەکەی نیشان بدات، بۆ نموونە ژمارەی کاتژمێرەکان کە کارت کردووە و بڕی کرێی کاتژمێرێک لەگەڵ ئەژمێرێکی جیاواز بۆ قەرەبو کردنەوەی ئۆڤەرتایم و قەرەبو کردنەوەکانی تر. لە سەر بنەمای مووچەکە، پێویستە خۆت بتوانیت ووردی مووچەکەت هەژمار بکەیت.

## ئۆڤەرتایم

بەگوێرەی یاسای کاتژمێرەکانی کارکردن، ئەو کاتژمێرانەی کارکردن کە لە 8 کاتژمێر لە ڕۆژێک یان 40 کاتژمێر لە هەفتەیەک تێدەپەڕن بە ئۆڤەرتایم هەژمار دەکرێن. لە حاڵەتی کاری ئەنجامدراو لە سەر بنەمای کات لە ماوەی دوو هەفتە، ئەو کارەی لە 80 کاتژمێر زیاترە دەبێتە ئۆڤەرتایم و لە کاری ماوەی سێ هەفتەش کە لە 120 کاتژمێر زیاتر بێت دەبیتە ئۆڤەرتایم. هەرچۆنێک بێت، لەوانەیە مەرجی ئۆڤەرتایم بە شیوەی جیاواز ڕێکەوتنی لەسەر کرا بێت لە ڕێکەوتننامەی گشتگیر. سەیری مەرجەکانی ئۆڤەرتایم بکە لە بواری پیشەکەت لە ڕێکەوتننامەی گشتگیری کارا.

### زۆرترین بڕی ئۆڤەرتایم و ڕێککەوتن لە سەری

لەوانەیە خاوەنکارەکە داوات لێنەکات لە ساڵێکی تەقویمی زیاتر لە 250 کاتژمێر ئۆڤەرتایم کار بکەیت. سەرەڕای ئەوەش، لەوانەیە شوێنی کارەکەت ڕێککەوتنی لەسەر زیاتر لە 80 کاتژمێر کرد بێت، کە لەم حاڵەتەدا ئۆڤەرتایمی ساڵێک 330 کاتژمێرە.

ڕێکەوتننامەی ناوخۆیی پێویستە بە شێوەی نووسراو ئەنجام بدریت بەرلەوەی سنوورداری ئۆڤەرتایم ببەزێنرێت و پێویستە ئەو بەشەی کارمەندان دیاری بکات کە بەسەریان جێبەجێ دەبێت لەگەڵ بڕی ئۆڤەرتایمی ڕێکەوتن لەسەر کراو.

### ئەرکەکانی خاوەنکار

پێویستە خاوەنکار ئاماژە بە ئۆڤەرتایم بدات لە کاتی ڕاستەقینەدا تاوەکو زۆرترین سنوورداری دیاریکراو نەبەزێنرێت.

### ڕازی بوون بە ئۆڤەرتایم

پێویستە خاوەنکارەکەت هەر جارە و بەجیا داوای ڕەزامەندیت بۆ ئۆڤەرتایم بکات. بە شێوەیەکی تر، ناکرێت هیچ ڕەزامەندیەکی هەمیشەیی لە گرێبەستی کارکردن بۆ ئۆڤەرتایم بدرێت.

# زیاد و قەرەبو کردنەوەی کرێی زیادە

## مووچەی ئۆڤەرتایم

کرێی دراو بۆ یەکەم 2 کاتژمێری دوای 8 کاتژمێری ڕۆژێک بە ڕێژەی 50% زیاد دەکات، و بۆ کاتژمێرەکانی تریش بە ڕێژەی 100% دەبێت.

کرێی دراو بۆ یەکەم 8 کاتژمێری دوای 40 کاتژمێری هەفتە (کە ئۆڤەرتایمی ڕۆژانە ناگرێتەوە) بە ڕێژەی 50% زیاد دەکات، و بۆ کاتژمێرەکانی تریش بە ڕێژەی 100% دەبێت.

لە حاڵەتی کاری ئەنجامدراو لە سەر بنەمای کات لە ماوەی دوو هەفتە، کرێی دراو بۆ یەکەم 12 کاتژمێری دوای 80 کاتژمێر بە ڕێژەی 50% زیاد دەکات، و بۆ کاتژمێرەکانی تریش بە ڕێژەی 100% دەبێت.

لە حاڵەتی کاری ئەنجامدراو لە سەر بنەمای کات لە ماوەی سێ هەفتە، کرێی دراو بۆ یەکەم 18 کاتژمێری دوای 120 کاتژمێر بە ڕێژەی 50% زیاد دەکات، و بۆ کاتژمێرەکانی تریش بە ڕێژەی 100% دەبێت.

هەرچۆنێک بێت، لەوانەیە قەرەبو کردنەوەی ئۆڤەرتایم بە شیوەی جیاواز ڕێکەوتنی لەسەر کرا بێت لە ڕێکەوتننامەی گشتگیر. سەیری قەرەبو کردنەوەی ئۆڤەرتایم بکە لە بواری پیشەکەت لە ڕێکەوتننامەی گشتگیری کارا.

## ئالوگۆڕکردنی قەرەبو کردنەوەی ئۆڤەرتایم بە پشوو وەرگرتن

لەوانەیە لەگەڵ خاوەنکارەکەت ڕێککەوتن بکەیت بۆ گۆڕینی بەشێک یان هەموو کاری زیادە و قەرەبو کردنەوەی ئۆڤەرتایم بۆ پشوو لەگەڵ مووچە. کاتی سەربەخۆی بەخشراو بە ئۆڤەرتایم بە زیادبوونی ڕێژەکە دەسنیشان دەکرێت کە بەسەر پاداشت کردنەوەی ئۆڤەرتایم جێبەجێ دەبێت.

## مووچەی یەک شەممە

کرێی دراو بۆ کاری ئەنجامدراو لە ڕۆژ یەك شەمە یان پشووێکی ئاینی مووچەی ئاساییە لەگەڵ 100%.  ئەمە ناکرێت بە پشوو لەگەڵ پارەدان ئالوگۆڕ بکرێت. ئەمە دەشێت بە شێوەیەکی جیاواز ڕێککەوتنی لەسەر کرا بێت لە ڕێکەوتننامەیەکی گشتگیر.

## دەرماڵەی کاری ئێوارە و شەوانە

هەروەها لەوانەیە تۆ شایستەی دەرماڵەی کاری ئێوارە و شەوانە بیت بەگوێرەی ڕێکەوتننامەیەکی گشتگیر. ڕێککەوتننامەی کاری تایبەت بە پیشە دیاریکەری بڕ و شێوازەکانی هەژمارکردنی دەرماڵەکانە.

# پشووەکانی ساڵانە

## کەڵەکەبوونی ڕۆژەکانی پشوو

ڕۆژەکانی پشوو بۆ مانگەکانی ڕۆژژمێر کەڵەکە دەبن (واتە بۆ ماوەی نێوان 1ی نیسان و 31ی ئادار) کە تیایدا کارمەند بە لایەنی کەم 14 ڕۆژ لە کارکردن یان 35 کاتژمێری کارکردن کۆ دەکاتەوە.

تۆ شایستەی ڕۆژەکانی دوو هەفتەیت بۆ هەر مانگێکی تەقویمی پڕی کرێدیتی پشووی ساڵێک، ئەگەر کارکردنەکەت بە بەردەوامی کەمتر لە ساڵێکی خایاند بێت لە کۆتایی کرێدیتی پشووی ساڵەکە.

ئەگەر ماوەی پەیوەندی کارەکە لە یەک ساڵە زیاترە، تۆ شایستەی ڕۆژەکانی دوو هەفتە نیو دەبیت بۆ هەر مانگێکی تەقویمی پڕی کرێدیتی پشووی ساڵێک.

## وەرگرتنی پشوو

پێویستە پشووێکی هاوینەت پێبدرێت (24 ڕۆژ) لە ماوەی وەرزی پشوو 2ی ئایار - 30 ئەیلول.

پشووی زستانە (ئەو بەشەی لە 24 ڕۆژی هەفتە زیاترە) دوای وەرزی پشوو بەر لە وەرزی پشووی داهاتوو دەدرێت، لە نێوان 1ی تشرینی یەکەم و 30 نیسان.

**پێویستە ڕۆژە پشووەکانی ساڵانە وەربگیرێت؛ ناکرێت بە پارەی نەختی بدرێن.**

## ئەرکەکانی خاوەنکار

پێویستە خاوەنکار تۆمارێکی هەبێت بۆ پشووەکانی ساڵانە و پشووە لادراوەکانی کارمەند لەگەڵ مووچەی پشوو و قەرەبو کردنەوەی پشووی دیاریکراو لە سەر بنەمای یاسای پشووەکانی ساڵانە. پێویستە تۆمارەکانی پشووەکانی ساڵانە ماوە و بەرواری پشووەکانی ساڵانە نیشان بدات، لەگەڵ بڕی مووچە و قەرەبو کردنەوەی پشوو، و ئەو بنەمایەی لەسەری دیاریکراون.

# پارەدان و قەرەبو کردنەوەی پشوو

## ئەو کارمەندانەی مووچەی مانگانە وەردەگرن

ئەو کارمەندەی مووچەکەی بە شێوەی مانگانە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە مافی ئەوەی هەیە ئەم مووچەیە بۆ ماوەی پشووەکانی ساڵانە وەربگرێت.

## ئەو کارمەندانەی مووچەی کاتژمێری یان بەشی کار وەردەگرن

بڕی مووچەی پشوو بۆ ئەو کارمەندانەی مووچەی کاتژمێری یان بەشی کار وەردەگرن بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی کاری پیشەکە دەبێت.

## قەرەبو کردنەوەی پشوو

هەروەها قەرەبو کردنەوەی پشوو لە یاسای پشووەکانی ساڵانە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە ( لە پەیوەندی کارکردنی کورتتر لە یەک ساڵ، 9% و لە پەیوەندی کاری زیاتر لە ساڵێک، 11%). ئەو کاتە دەدرێت کە پەیوەندی کارەکەت کۆتایی دێت یان ئەگەر پارت تایم کار بکەیت، بۆ نموونە. لە ڕێککەوتننامەی کار، ڕێژەی سەددی قەرەبو کردنەوەی پشوو (لەوانەیە جیا بێت (بۆ نموونە، لە پیشەسازی بنیاتنان، 18.5%یە.

## بەخشیشی پشوو

چەندین ڕێککەوتننامەی کار ڕێککەوتنیان لەسەر بەخشیشی پشوو کردووە (کۆتایی مووچەی پشوو) کە، لە زۆرینەی حاڵەتەکان، 50%ی مووچەی پشووە.

## ئەرکەکانی خاوەنکار

لە کاتی دانی مووچەی پشوو یان قەرەبو کردنەوەی پشوو، خاوەنکار ناچارە ڕوونکردنەوەت پێبدات کە بڕی مووچەی پشوو یان قەرەبو کردنەوەی پشوو لەخۆ بگرێت لە سەر ئەو بنەمایەی دەسنیشانکراوە.

## گشتی

**گشت کارمەندێک شایستەی پشوو و مووچەی پشووە.**

# چاودێری تەندروستی پیشەیی و دەستەبەری ڕووداو

## مافی کارمەند

کارمەند بە لایەنی کەم شایستەی چاودێری تەندروستی پیشەیی یاساییە. گرێبەستی چاودێری تەندروستی پیشەیی ڕەنگە خزمەتگوزاریە پزیشکیەکان بگرێتەوە.

## ئەرکەکانی خاوەنکار

بێ بەهەند وەرگرتنی ژمارەی کارمەندان، کوالێتی کاری ئەنجامدراو و گرێبەستی کارکردن یان کاتژمێری کارکردن، پێویستە خاوەنکار چاودێری تەندروستی بۆ گشت کارمەندانی ڕێک بخات.

پێویستە خاوەنکار گرێبەستێکی چاودێری تەندروستی پیشەیی واژۆ بکات لەگەڵ دابینکەرێکی خزمەتگوزاری و پێویستە لە بەردەم گشت کارمەندان بێت لەگەڵ ڕووپێوی شوێنی کار.

لەو پیشانەی مەترسی یان نەخۆشیەکی تایبەتی تێدایە، خاوەنکار ناچارە ئاڕاستەت بکات بۆ پشکنینی تەندروستی بە زۆرەملێ.

## دەستەبەری ڕووداو

پێویستە خاوەنکار دەستەبەری ڕووداوی یاسایی وەربگرێت بۆ کارمەندەکانی لە کۆمپانیایەکی دەستەبەری ڕووداو بە هەلبژاردەی خۆیان. دەستەبەری ڕووداو تێچووەکان و زیانەکانی داهات قەرەبو دەکاتەوە کە بەهۆی ڕووداو و نەخۆشی پیشەیی ڕوودەدەن. پێویستە ووردەکاریەکانی کۆمپانیای دەستەبەری ڕووداو لە بەر چاوی گشت کارمەندان لە شوێنی کار نمایش بکرێت.

## کاتێک کە ڕووداوێک ڕوو بدات

ئەگەر لە کاردا تووشی ڕووداوێک بوویت، ڕاستەوخۆ خاوەنکارەکەت یان بەرپرسی سەرووت ئاگادار بکەوە. ئەوان بەڵگەنامەیەکی دەستەبەریت پێدەدەن کە لە ڕێگەیەوە برینداریەکەت بەخۆڕایی چارەسەر دەکرێت لە بنکەیەکی تەندروستی یان لە نەخۆشخانە، بۆ نموونە. ئەگەر بەڵگەنامەکەت لانەبێت، ئەوە پێویستە خۆت پارەی چارەسەر و دەرمانەکان بدەیت. لەم حاڵەتەدا، کۆمپانیاکەی دەستەبەری قەرەبووی تێچووەکانت دەکاتەوە بەگوێرەی وەسلەکانت.

## ناسنامەی وێنە و ژمارەی باج

ئەگەر لە پێگەیەکی دروستکردنی باڵەخانە کار دەکەیت، پێویستە ناسنامە بە وێنەکەت بە شێوەی بینراو لا بێت کە خاوەنکارەکەت پێیداویت. پێویستە ناسنامە بە وێنەکە ناوی خۆت، ناوی خاوەنکارەکەت و ژمارەی باجی خۆتی تێدا بێت کە لە تۆماری ژمارەی باجی گشتی نووسراوە.

### ئایا دەتوانم لەکوێ ژمارەی باج دەست بخەم؟

تۆ ژمارەی باجت بە شێوەی پەیوەندیدار بە کارتی باج وەرگرتووە. ئەگەر کارتی باجی خۆت وونکردوە، ئەوە دەتوانیت لە نووسینگەی باج ژمارەی باجەکەت دەست بخەیت.

پێویستە کارمەندانی بیانی ژمارەی باجیان لە نووسینگەی باج وەربگرن.

# زانیاری زیاتر

**زانیاری دەربارەی مەرج و ڕێساکانی کار و کارکردن لەم سایتە بەردەستە:**
www.tyosuojelu.fi

**ڕێککەوتننامەی کار:**
www.finlex.fi/fi/viranomaiset/tyoehto

**یاسای کاتژمێری کارکردن، یاسای گرێبەستەکانی کارکردن، یاسای ڕێککەوتننامەی کار، یاسای پشووەکانی ساڵانە، یاسای بیانیان، یاسای چاودێری تەندروستی پیشەیی و یاسای سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی:**
www.finlex.fi

**زانیاری دەربارەی ژمارەی باج:**
www.vero.fi/fi-FI/Henkiloasiakkaat/Veronumero

**زانیاری دەربارەی مۆڵەتەکانی نیشتەجێ بوون:**
www.migri.fi/oleskeluluvat
www.poliisi.fi/luvat/ulkomaalaisluvat

**ئەم بڵاوکراوەیە بۆ کارمەندانی بیانیە و پوختەیەک لەخۆ دەگرێت دەربارەی بنەما بنەڕەتیە پەیوەستەکان بە کارکردن لە فینلاندە. نمایشەکە تەواو نیە و زانیاری زیاتر لەو سەرچاوانە بەردەستە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە.**

Tyosuojelu.fi

Website of the Occupational Safety and Health Administration in Finland